# نوری مالیکی جەختیکردەوە لەسەر پێویستی چارەسەرکردنی هەمو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر



نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا ئەمڕۆ پێنجشەممە جەختیکردەوە لەسەر پێویستی چارەسەرکردنی هەمو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لە ڕێگەی گفتوگۆوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی نوری مالیکی، ئەمڕۆ پێنجشەممە فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق سەردانی نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسای کردوە لە نوسینگەکەی خۆی.
ئاماژەی بەوەشکرد، "لە میانی کێبونەوەکەدا پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە و گرنگی بەهێزکردنی ڕێکی عێراق لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی تاوتوێ کران، هەروەها تەوەرەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی حکومەت لەگەڵ هەرێم تاوتوێ کران".

نوری مالیکی لەدیدارەکەدا جەختیکردەوە، لەسەر "پێویستی چارەسەرکردنی هەمو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەڕێگەی دیالۆگەوە، بەمەبەستی پاراستنی

سەقامگیری سیاسی و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش کە هێزە سیاسییەکان یەکبخات، هەروەها دامەزراندنی قۆناغێکی نوێ کە بناغەکانی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لەخۆبگرێت".